# لە گوندی چنارە مامۆستا جەمالم ناسی

لە ساڵی 1973 بۆ دەیدەنیی سەردانی گوندی چنارەم کرد لەو گوندەدا دوو مامۆستای لێبوو یەکێ لەو مامۆستایانە مامۆستا مەحمود حەمە رەشید بوو هەر لە سەرەتای لاوێتیمانەوە وەکو برابووین, وەکو دوو کورد کارمان لە حزبایەتیدا دەکردو لە یەکتری بەئاگابووین ئەویتریان مامۆستا جەمال تاهیر بوو کە من بۆ یەکەمجار بەهۆی مامۆستا مەحمودەوە ناسیم کە بۆ دیدەنیی مامۆستا مەحمود هاتبووە چنارە.

ئەم پیاوە پیاوێکی رووخۆشی نەرمو نیانو زیروك بوو لەژوورێکی بچووك لە ماڵی شێخ محێدین-ی چنارە بوون شەو چووم بۆ لایان هەر لەو کاتەدا کاری حزبایەتی ئەکرد کەلەگەڵ پارتیدا یەکمان گرتبۆوە ئەویش یەکێ بوو لە ئەندامە دڵسۆزو لێهاتووەکانی ئەو سەردەمە ئەندامی ناوچەی شارەزوورو لێپرسراوی رێکخراوی وارماوا بوو کە بارەگاکەیان لە زەلە ڕەش بوو خەڵکی ناوچەکە متمانەیەکی زۆریان پێئەکرد هەر لەوکاتەوە دڵسۆزییەکی زۆر لە هەڵسوکەوتیدا ئەبینرا دژی خۆفرۆشان بوو من چەندجارێك سەردانی ئەو گوندەم ئەکرد, جار لە گەڵ جار خۆشەویستی لە نێوانماندا زیاتر ئەبوو نەمئەزانی بیرو باوەڕیتر لە دەروونیدا بوو ئەویش بیرو باوەڕی کۆمەڵەی (م.ل) کوردستان بوو هەر ئەوەش وای لێکردبوو کە زیاتر چینە هەژارەکەی خۆشدەویست سەردانی ماڵەکانو دێهاتەکانی ئەکردو ناوبانگی پەیدا ئەکرد ئەم شێرە پیاوە چۆن لەناو جوتیاراندا خۆشەویست بوو لە زیندانەکانیشدا خۆڕاگربوو دوژمنان حسابی زۆریان بۆ ئەکرد.

کاتێ شۆڕشی نوێ لە دایك بوو مامۆستا جەمال دووجار گیرا, هەردووجارەکە لە لێواری مەرگ گەڕایەوە, هەروەها مامۆستا مەحمودیش هەر دووجارەکە کە بەرئەبوون سەردانم ئەکردن چەندجارێك لە ماڵی کاك شێخ جەمال ماڵی (هاوڕێ سیروان) بەیەکتر ئەگەیشتین کە لەو سەردەمەدا بەندە لێپرسراوی رێکخراوی شەهید دکتۆر بەختیارو رێکخراوی وەستا ئەنوەر بوومو ئەندامی کۆمیتەیەکی سەر بە کۆمیتەی سەرکردایەتی رێکخستنی ناوخۆ بووم کام شێخ جەمال (هاوڕێ سیروان) لێپرسراومان بوو, منو شێخ صدیق ئەندام کۆمیتەبووین ئیتر لەو ماوەیەدا چەندینجار لەبازاڕ یەکترمان ئەبینیو خۆشەویستیمان بەرامبەر یەکتر دەرئەبڕی, بەڵام لەبەر سیخوڕەکان نەمان ئەتوانی بەیەکەوە هەڵسوکەوت بکەین, چونکە شەهید بەهۆی دڵسۆزییەوە لەناو دەزگاکانی ڕژێم ناسرابوو, خۆڕاگری شەهید جەمال بووبوو بە وێردی سەرزمانی خەڵکانی تێکۆشەر خەڵکانی زەحمەتکێش. لەساڵی 1982 کە من چوومە دەرەوە یەکترمان بینی لە زەڵێ زۆر دڵخۆش بوو بە دەربازبوونمانو هەواڵی یەکە یەکەی هاوڕێمانی لێپرسیم هەواڵی دەستگیرکردنی شێخ صدیقو مامۆستا محەمەدو کاك عەلی خەباتو کاك عومەرو چەند کەسێکی تر کە ئێستە لەیادم نەماوم...

ئەو پیاوە وەفادارە ناوی هەموو دۆستانی شارەزوورو قەرەداخی لەبیربوو یەکەیەکە هەواڵی پرسین, پاش ماوەیەك گەڕامەوە بۆ ناوچەی شارباژێرو کرام بە ئەندام کەرتی رێکخستنی پێنجوین لە سنووری شارباژێرو پێنجویندا دەستمان بەئیش کرد.

لە کاتێکدا کە هێزەکانی (پ.م) (ی.ن.ك) وەکو هێزی پشتیوان بۆ یارمەتی (پ.م)ەکانی کۆمەڵەو دیموکرات دژی حکومەتی ئێرانو هێزە دژەکانیان چوون بۆ ئێران لەبەر بێ جلوبەرگیو سەرماو سۆڵەی ناوچەی ئێران شەهید جەمال نامەیەکی بۆ کۆکردنەوەی هەندێ پارە بۆ کڕینی پێویستییەکانی ئەو هێزە بۆ کەرتی رێکخستنی پێنجوین

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

نووسی, کاك کەمال عەلی ئەو ئیشەی بەمن‌و محەمەد عەبدوڵڵا سپاردو لەپاش هەفتەیەك من (6950) دینارو کاك محەمەد نزیکەی (700) دینارێکی کۆکردەوە بەپەلە بە کاك شێخ کەمالی زەرەنگەردا رەوانەی سەرکردایەتیمان کردو شەهید جەمال‌یش سوپاسێکی زۆری کردین بە نامەیەك کە بۆ کەرتی رێکخستنی پێنجوینی نووسی. هەر لە هەمان کاتدا کاك نەوشیروان مستەفا لە بلاوکراوەیەکی کۆمەڵەدا رەخنەی لێگرتین کە پارەمان لە خەڵك سەندووە, بەڵام (کاك نەوشیروان) بەنامەکەی نەزانیبوو بۆیە بۆ ئەو مەبەستە مامۆستا جەمال‌مان ئاگادارکرد ئەویش بە کاك نەوشیروانی وتبوو ئەو برایانە من ناردوومن بۆ ناو خەڵك بەهۆی بەهەڵوێستی ئەو شەهیدە سەرکردەیە ئەو رەخنەیە لەسەر ئێمە لاچوو.

بەڵێ مامۆستا جەمال تاهیر رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر خۆی لەناو خەڵك‌و (پ.م)و رێکخستنەکاندا خۆشەویست ئەکرد, پیاوێکی دڵسۆزو تێکۆشەرو ئازاو لێهاتووبوو. ورە بەخشی هاوەڵەکانی بوو لەناو رێکخستن‌و زیندان‌و دەرەوەدا, ئەم هەڤاڵە هەتا کۆتایی ژیانی کە لە کارەساتێکی دڵتەزێندا بەهۆی وەرگەڕانی ئوتومبێلەوە لە دۆڵی بالیسان گیانی لەدەستدا, هیچ کەمتەرخەمی نەکرد... هەزار سڵاو لە گیانی پاکی ئەو شەهیدە هەمیشە زیندووەو سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان.

عومەر غەریب

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com